شانۆنامەی

# ڕێوی ئاواتخواز

نووسەر:

## سلاڤۆمیر مرۆژاک

وەرگێران بۆ فارسی:

## ڕۆیا یارکی

وەرگێرانی لە فارسییەوە بۆ کوردی:

## ڕەحمان عەزیزی

## ئاماژە:

دیمەنەکە لە تاریکیدا نوقم دەبێت. تەنها فانووسێک کە مۆمێکی تێدایە ئاورایەکی ڕووناکی دەخاتە سەر دیمەنەکە، کە لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێت:

ئەو کورسیەی کە لەسەری دانیشتوویت - بووکەڵەیەک - .

مەیموونێک، ئەوەندە گەورە نییە.

پێیەکانی کە لە ڕاستیدا قۆڵی دواوەیەتی، دەست لە زەوی نادەن.

لەسەر کورسییەکە دادەنرێت وەک ئەوەی قاچی بووکەڵەیەک بە کورسییەکە هەڵواسرابێت.

مەیموونەکە جلی سووری ڕەسەن و لوکس لەبەردایە کە دوگمەی زیوین و باڵاپۆشێکی لەسەرە و کڵاوێکی سووری وەک کڵاوی گاڵتەجاڕێک لەبەردایە.

لە هەر سێ گۆشەی ئەم کڵاوە گاڵتەجاڕە زەنگێک دەبینرێت.

مەیموونەکە بە زنجیر بەستراوەتەوە بە قەڵایەکی دەستی.

تەپڵێک، کە لەسەر دوو تایە دانراوە و ڕەنگی خۆشی هەیە و لە دوورییەکی دیاریکراو لە بنکەکەوە دادەنرێت.

زنجیرەکە ئەوەندە درێژە کە ئەندامی دەست و بنکە و مەیموون و هەروەها ئاورای ڕووناکی نەشارێتەوە.

بنکەی کورسییەکە لە ڕاستیدا ڕووی لە بینەرە، کەمێک مەیلی بۆ لای ڕاستی شانۆکە هەیە.

[ڕووی هۆڵی نمایشەکەوە].

لەسەر کورسییەکە، لەلای ڕاستی مەیموونەکە، فانووسێک هەیە.

ئەندامێکی دەستی دیاکۆن لە لای چەپی مەیموونەکە دەبینرێت، کە لە پێشەوەی شانۆکە نزیکترە لە بنکەکە.

سەرێکی زنجیرەکە بە کۆلارەیەکی کانزاییەوە بەستراوەتەوە کە بە ملی مەیموونەکە بەستراوەتەوە.

ڕێوی لە گۆشەیەکی سەکۆکەوە دێتە ژوورەوە.

یەکەم: ئەستەمە سروشتی ئەو بناسین.

چونکە ئەو بەشەی دیمەنەکە لە تاریکیدایە.

بە پێشەوەی شانۆکەدا دەگەڕێت و دەیەوێت لای ڕاستی شانۆکە بەجێبهێڵێت، بەڵام دەوەستێت و سەیری مەیموونەکە دەکات.

پێستی ڕێوی لەبەردایە کە لەسەر زەوی دەیکێشێت.

قژ و سمێڵێکی سووری نووکدارە کە لە نێوە ڕاست دا لێک جیا بووەتەوە.

ڕێوی (بە هێمنی بە وەستانێک): سەیرکە کێ دەبینم؟! (لە کورسییەکە نزیک دەبێتەوە) ... لەم کاتژمێرەدا، لێرە؟ (بەردەم کورسییەکە دەوەستێت و پشکنینی مەیموونەکە دەکات) دەتوانم دانیشم؟

(ڕێوی لەسەر کورسییەکەی لای ڕاست دادەنیشێت و فانووسەکە لە نێوان خۆی و مەیموونەکەدایە. ڕوو لە مەیموونەکە دەکات، چاوەڕێی کاردانەوەی لێدەکات، کە بەدڵنیاییەوە نیشان نادرێت. ڕێوییەکە وەک مەیموونێک بۆ چەند ساتێک چاو لە ئامادەبووان دەکات چرکە (ئەمە (ئەم جوڵەیە تەنها جارێک بە درێژایی نمایشەکە ڕوودەدات) بە بێدەنگی دانیشتووە ڕووبەڕووی بینەر دەبێتەوە، دوای چەند ساتێک ڕێوییەکە جەستەی خۆی بە جووڵەیەکی خێرا بەرەو مەیموونەکە دەگۆڕێت.

ڕێوی: بەڕاستی نازانم چی بکەم.

ئایا داوای لێبوردنتان لێ بکەم لەبەر خۆبەزلزانینم یان ڕەنگە لەبەر بێگەردی خۆم؟

هەمووی بەندە بەوەوە کە چۆن پەیوەندییەکەمان دەپێویت.

ئاغا؟!! ... خاتوو ؟!!... (وەستان. مەیموونەکە تەنها گوێ دەگرێت.) تێدەگەم. دان بەوەدا دەنێم کە زۆر زەحمەتە بۆچوونێکی ڕوون و تایبەت هەبێت.

بەڵام لە کۆتاییدا پێویستە ڕوانگەیەکی دیاریکراو لەبەرچاو بگیرێت.

بەگشتی دەتوانین دوو جۆر بۆچوون لەبەرچاو بگرین.

ڕوانگەیەکی سەرەکی، کە هی ئێمەیە، و دیدێکی تر... دیدێکی تر... کە هی حکومەتە، بۆ ئاژەڵەکان.

ڕێوی و مەیموون هەردووکیان شیردەری خوێن گەرم و کڕکڕاگە و چوار پێن.

ئەگەر یەکێکمان ماسیش بووایە، هەر خزمایەتییەک لە نێوانماندا دەبوو. ماسی لە ڕووەکێک یان کانزایەک زیاتر نییە.

بەڵام ئەم قۆناغە لە خزمایەتی نزمترە.

هەندێک جار بەپێی شێوازی شتەکان خۆیان دەناسێنن، یان تەنانەت خۆمان دەناسێنین، بەڕێزێک یان خانمێک لە تەنیشت کەسێکی ترەوە دانیشتووە.

دەمتوانی بە تۆ بڵێم "برا"، یان ڕەنگە "خوشک".

بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە ڕەگەزەوە.

(وچان)

شەوێکی فێنکە.

(وچان)

لە کۆتاییدا خەریکە فێنکتر دەبێتەوە.

من بە هیچ شێوەیەک نامەوێت زیادەڕەوی بکەم، بەڵام ئیتر ناتوانین دەستبەرداری پەیوەندییەکی وا نزیک بین.

(وچان)

، بەڵام من پێداگری ناکەم..

من تەنها لە ڕوانگەیەکەوە بابەتەکەم ناساند.

یەکێک لە دوو دیدگای دەشێت...

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە زیاتر گرنگی بە پەیوەندییەکانمان بدەین، ئەوە بەندە بەو بابەتە کە قبوڵمان کردووە.

ئەم شەرم و حەیایە لەگەڵ ئەوەی کە ئاراستەی تۆم کردووە دەگۆڕێت...بۆ ئەدەب و بێگەردی تۆ کاکە...خانم....

زۆر سادەیە، بە دڵنیاییەوە لە نێوان خزم و کەسوکاردا ئەم ڕەچاوکردنانە بە هیچ شێوەیەک بوونیان نییە،کە هەروەها نەبوونی ڕۆحی خێزانیش لەبەرچاو ناگیرێت

ئایا وا نییە؟

دەمەوێت هاوار بکەم

(ڕێوی هەڵدەستێت و باوەشی دەکاتەوە)

- سڵاو مەیموون! باوەشم بکە و ماچم بکە!"

(بێ جووڵە وەستاوە، وەک چۆن مەیموونەکە هیچ کاردانەوەیەک نیشان نادات، درک بە بێ تاقەتی خۆی دەکات. دووبارە دادەنیشنەوە).

ئاه! من نەمدەویست ئەوە بڵێم.

(وەستان، ڕێوی سەیری مەیموونەکە دەکات)

جل و بەرگی ڕەسەن و جوانت هەیە

(وچان)

بەڵێ.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە ئەم ئینتیمایە بە تەواوی دەگۆڕێت.

تۆ کاک ... خاتوو ... بوونەوەرێکی بە پلەی مەیموون.

ڕەنگە بتوانم هەردوو لایەنە بڵێم. ئای بە هیچ شێوەیەک مەبەستم سووکایەتیکردن نییە.

بمبورن کە ئەم وشانەم بەکارهێناوە، بەڵام سەختە بۆ من وشەی باشتر بدۆزمەوە بۆ دەربڕینی ئەم جۆرە شتە.

لە زۆر ڕووەوە، کە بێگومان پێشتر پێم وتیت، بێ گومان تۆ خانمێکیت - سەرەڕای هەموو ئەمانە، من پێت دەڵێم خانم.

من ناوێرم پرسیار لە ڕەگەزەکەت بکەم، بەڵام پێم باشە لەبەرچاو بگرم کە مامەڵە لەگەڵ نیشانە مێینەکان دەکەم، ئەمە هەمیشە ئاسانتر بووە، دەتوانم حساب بۆ نەرمونیانی تۆ بکەم، ڕەفتاری دایکانەت، کە ئاسانترە بۆ تێگەیشتن.

بۆیە لە زۆر ڕووەوە بێ گومان سەر بە شانشینی ئاژەڵەکانێیت.

بەڵێ، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، ئایا تۆ ئەو کەسە نیت کە لە جۆرەکانی مرۆڤەوە لەدایک دەبیت؟

تۆ پەیوەندییەکی نێوەندگیریت لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا.

ئەوەندەی لە تۆدا ڕەهەندێکی ئاژەڵیی هەیە؛ ڕەهەندی مرۆڤیش دیارە و ئەگەر ڕەهەندی ئاژەڵی ئێوە لەبیر بکەین، بێبەش دەبین لە بوونی ڕەهەندی مرۆڤایەتی ئێوە.

ئەم حاڵەتەش وەک ئێوە بۆ مرۆڤیش ڕاستە.

هەروەها مرۆڤ سروشتی نیوە ئاژەڵ و نیوە مرۆڤی هەیە.

واتە ئەویش نیوە و نیوەیە.

بەڵام لە پۆلێکی تردا.

جیاوازی تەنها لە پلەی و پێگەی بەرزبوونەوەدایە، چونکە نیوەی سەرەکی هاوبەشە. هیوادارم بەهۆی بەراوردکردنت لەگەڵ مرۆڤەکان تورە نەبن، چونکە ئەم بەراوردکردنە ئاماژەیە بۆ تاکە کەموکوڕی تۆ لە بەراوردکردن لەگەڵ ئەوان.

بەڵام ئاوڕێک لە دواوە بدە:

بۆ هەموو ئەو کەموکوڕیانە

سەیری هەموو ئەو پلیکانانە بکە کە پێشتر بە ماندووبوون سەرت کردوون.

بۆ نموونە سەیری من بکەن...

یەکسەر درک بە باڵادەستی خۆت دەکەیت.

وە دواتر، کێ ڕێگری لە پێشکەوتن دەکات؟

ئێستا کە نهێنی پلە بەرزکردنەوە دەزانیت،

دەتوانیت لەسەر هەر چوار پێ بیت،

بە ئیرادەی خۆت سەرکەو بەسەر پلیکانەکانیدا.

من پێشبینی دەکەم ئەگەر ئێستا هیچ نەکەیت،

لەبەر هۆکاری شەخسییە.

لەوانەیە تۆ تەنها ماندوو بیت و بتەوێت لێرە لەسەر ئەم کورسییە بۆ ماوەیەک پشوو بدەیت، ئەوەش دوای ئەو هەوڵەی کە دەبوو بۆ نیوەی ئاژەڵەکەت بیکەیت.

بەڵام زۆر بەم زووانە، دەست دەکەیتەوە بە پێشکەوتنە سەربەرزەکانت بەرەو فۆرمەکانی باڵای ژیان.

بەداخەوە ناتوانم ئەوەندە بە خۆم گەشبین بم .

من تەنها ڕێوییەکی ئاساییم، لە سەدا سەد ئاژەڵم و نیوە و نیوە نیم، واتە ئاژەڵێک بێ ئومێد بۆ داهاتوویەکی باشتر.

ئەمە ڕێک هەمان شتە، کە تەنانەت ئەگەر ئەم ڕووخساری دیکەی سروشتی خۆمان لەبەرچاو بگرین، ئەم باڵادەستییەی تۆ بەسەر مندا جێگیرتر و بەهێزتر نیشان دەدات، هەروەها کە ئەم هیوایە ئاسۆیەکی باڵاترە لەوەی لەبەردەستتدایە، من ڕێوییەکی سادە، نەگۆڕم، ناتوانم پێت بڵێم:

- لەگەڵ ڕێزم دا خانم.

(لە سەر کورسییەکە هەڵدەستێت بۆ ئەوەی کڕنۆش بۆ مەیموونەکە ببات، لە دۆخێکدا کە دەستی ماچ بکات. بەڵام مەیموونەکە هیچ کاردانەوەیەک نیشان نادات، بۆیە ڕێوی ڕوو لە کورسییەکە دەکاتەوە).

بەڵام ئەو هۆکارەی کە ئێمە لەیەکتر جیادەکاتەوە و یەکمان دەکاتەوە، تەنیا بوونی ئێوەیە.

دۆخی تۆ وە پێگەی تۆ لە کاتێکدا تۆم دۆزیەوە!

ئەمانە ئەو تایبەتمەندیانەن کە بەڕاستی هیچ ئاژەڵێک نییەتی.

من جگە لە پێستی ڕێوی هیچم نییە.

تۆ جل و بەرگی مرۆڤ لەبەر دەکەیت، کە تەنها بۆ خۆپاراستن لە سەرما نییە ، وە دەچیتە سەر کێشەی دەستکاریکردنی پێکهاتەی بایۆلۆژی خۆت و گونجاندنی سروشتی خۆت لەگەڵیدا، تەنها بۆ ئەوەی جل و بەرگی مرۆڤ لەبەر بکەیت.

جل و بەرگەکانت کوالیتییەکی ڕەمزییان هەیە، کە نوێنەرایەتی بیرۆکەیەکی ناڕوون دەکات و هەربۆیە بە شێوەیەکی ناوازە مرۆییە.

ڕەنگی وەنەوشەیی ڕەنگی پاشاکانە و ڕەنگێکی پڕ لە سۆز و وروژاندنە. زیو نیشانەی بەهایە، باڵاپۆشیش گوزارشت لە پێگە و بوێری دەکات.

تەنانەت کڵاوەکەت کە هێمای ژیرییە و بە جۆرێک هێمای نوکتەیە، سیفەتێکی کارەکتەرییە کە شایەدی مرۆڤایەتی تۆ دەدات و ئەمانە بۆ هەمووومان ئاژەڵێکی دەست نەکەوتوون.

ئەم کێشەیە

(دەست لەو زنجیرەیە دەدات کە مەیموونەکە بەهۆیەوە بە قەڵای دەستیەوە دەبەسترێتەوە).

هەروەها سەبارەت بە دروستکردنی مرۆڤیش ڕاستە.

ئەم زنجیرەیە باس لە پەیوەندییەکە دەکات و هەربۆیە، پۆلێکە کە ئاژەڵەماڵیەکان ناسراوە کە لەناو تێگەیشتن و هۆشی مرۆڤدا لەدایک دەبن و تەنها بۆیان سوودی هەیە.

ئاژەڵەکان دەیزانن و تەنها بۆ ئەوان جێگەی تێگەیشتنە.

زنجیرەکان،

ئەڵقە،

داری و گرێ،

هۆکارێکی حاشا هەڵنەگرن بۆ تێگەیشتن

بۆیە,

ئەمانە هەمووی سنووردارکردنی بە ئەنقەستن.

نیەت بە ئەنقەست و بێبەشکردنی خۆبەدەستەوەدان،

ئەوان ئازادی دەردەبڕن.

کەواتە تۆ لە زینداندایت لەسەر چی؟

پەیوەندی بە مانا ڕاستەقینەکە،

واتایەکە کە پێویستی بە چەمکێکی بەرزە.

کە گوزارشت لە وابەستەیی ڕۆحی دەکات،

تۆ بۆ قازانج بە زنجیر نەبەستراویت.

وەک سەگێک

لەگەڵ هەموو ڕێزێک بۆ ئێوە،

کە بە هێلانەکەیەوە بەستراوەتەوە بۆ پاراستنی حەوشەکە،

یان وەک ئەسپێک کە لە کێڵگەی سوارچاکیدا بەکاردێت.

تۆ لەبەر هۆکارێک داخراوی لە دەرەوەی ئیستغلالکردن و وەک دەزانین تەنها کەسێک کە ئاژەڵ نەبێت تواناى و کەرامەتی هەیە شتێک تەرخان بکات بۆ بێ کەڵک بوون.

تۆ بە زنجیر بە مۆسیقا وە بەستراویت

ببورە، دەتوانم؟

(ڕێوی هەڵدەستێت و لیڤەری ئەندامی دەستێکە دەسوڕێنێت، گوێمان لە سۆناتای ڕەسەنی مۆزارت دەبێت)

مۆسیقا پاکترین هونەرە چونکە جگە لەوەی کە هەیە، هیچی تر دەرنابڕێت.

باڵاتر لە ئەدەب کە ئەگەر مادديشی نەبێت،

یاساکانی خەباتکردن بۆ ژیان پەیڕەو دەکات.

نایابی لە خەبات بۆ کامڵبوونی خوازراو،

زۆر باشترە لە نیگارکێشان و پەیکەرسازی، کە دەبێت شێوە و وێنە بەکاربهێنن و بەو هۆیەوە ماتریالیزمێک بپارێزن.

مۆسیقای ئەم هونەرە پاکە کە دوا شوێنەواری کۆیلایەتیشی لەناوبردووە، ڕادەستی وێنە و قسە کراوەتەوە، ئەم دوو پاسەوانە توندەی هەموو زانستەکان وەک پاسەوانی زیندان وان، کە خۆراک دەدەن بە زیندانییەکان بەڵام لە ڕاستیدا لەوێدان بۆ ئەوەی ڕێگری لێیان بکەن لە هەڵهاتن.

ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی گوێ لە مۆسیقا بگرم.

بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ڕێوی بوون زانیاری بەدەست بهێنیت .

هەست بە لەدایکبوونم دەکەم بەرەو گەیشتن بە پەرەسەندنێکی دەستنەکەوتوو.

نیگای من، ئاسۆ بەرزییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە.

بەڵام ئەفسووس، من تەنها سەیر دەکەم...

(لیڤەرەکە دەوستێنێت، وسۆناتا بێدەنگ دەبێت)

وە من دەگریم.

(لە سەر کورسییەکەدادەنیشێت)

ببوورە.

بەڵام ناتوانیت لە دۆخی کەسێک تێبگەیت کە لە بنی پلیکانەکانی پلە بەرزکردنەوەدا ماوەتەوە.

بۆ من مۆسیقا وەک چاڵێک وایە کە من لە بوونەوەرەکان جیا دەکاتەوە کە زۆر لە خۆم زیاترە.

ئێستا، دڵنیام زۆر شت هەیە جیامان دەکاتەوە لەوەی کە ئێمە یەکدەخات.

بەڵێ کەلێنێک لە نێوان من و تۆدا هەیە.

تۆ بازدانی گەورەت نەکردووە بۆ پێشەوە.

بەڵام من، من تەنها ئاژەڵێکم.

(وچان)

تۆ سەرمات نییە؟

(وچان)

چیتر لایەنی ئاژەڵەکەت لەبیر نایەتەوە.

وە کاتێک تۆ تەنها ئاژەڵێک بوویت، ژیان هێشتا لە ڕووی ئەخلاقی و ماددییەوە بۆ ئاژەڵەکان بەرگەی دەگرت.

سروشت تاکە واقیع و تاکە ڕێگەی مومکین بوو بۆ ژیان.

هیچ شەرمەزارییەک لە ئاژەڵبووندا نەبووە و زیندوو بوون و لە ژیان مانەوە ئاماژەی ئاستی سەختیەکان نەبوو.

مرۆڤ ستایشی پێگە بەرزەکەی نەدەکرد و بەخۆی بە باشترینی دروستکراوەکان ناو نەدەبرد.

سنووری مرۆڤ کە لەو سەردەمەدا هێشتا بوونی نەبوو، هێشتا دەستی لە سامانە سروشتییەکان نەدابوو.

بەڵام لەم سەردەمەدا هەموو شتێک بۆ ئێمەی ئاژەڵ قورس وپرلە زەحمەت بووە.

شارستانیەت جێگەی سروشتی گرتووەتەوە، سنووردارکردنی بە زۆری سنووری زیندوویی لە ئێمە وەرگرتووە و وایکردووە کەلتوورەکەمان بەدەست ئاڵۆزی خۆبەزلزانینەوە بناڵێنێت.

پێش ئەمە هەموومان لە یەک بزووتنەوەدا بووین.

بۆچی هەندێک کەس ئەوەندە سەرکەوتوون؟

لە کاتێکدا ئەوانی تر لە هەمان قۆناغدا گیریان خواردووە کە ملیارێک ساڵ لەمەوبەر تێیدا بوون؟

بۆچی ئێستا تۆ ئامێرێکی ئۆتۆماتیکیت و سیمایەکی مرۆڤیت هەیە نەک من؟

ئەمە پرسیارێکە کە وەڵامی نازانم.

شەوانە سەرگەردانم، شوێنم دەکەون و ڕاوم دەنێن و خۆم بەدوای خواردندا دەگەڕێم، پرسیارێکم هەیە بەردەوام لە سەرمدا دەنگ دەداتەوە، "بۆچی، بۆچی، بۆچی؟"

( گوێمان لە خوێندنی کەڵەبابێک دەبێت)

بەیانی وەک هەموو ڕۆژێک دێت.

بەڵام بۆ من شەو هێشتا کۆتایی نەهاتووە.

شەو لە ژیانی سروشتیدا،هاڵاوە لە ژیانی بایۆلۆژیدا، فشاری غەریزەی کوێرانە، ڕق لە ترس و برسێتی، هەڵهاتن و ڕاوکردنە.

بۆ من ئەمانە نیشانەی فراوانبوونی ڕۆحن.درەوشاوەیی عەقڵانی،هۆشیاری وڕۆشنبیری پێشکەوتوون ،،

هیچ هۆشیارییەک و هیچ شتێک لە دەرەوەی هۆشیاری نییە.

ئەمانە لای من مانای ڕۆح نین.

ڕۆح!

بۆ من ناتوانم ڕۆحم هەبێت؟

(ڕێوی لە کورسییەکە هەڵدەستێت. بۆ چەند ساتێک ڕوو لە ئامادەبووان دەوەستێت. دواتر ڕوو لە مەیموونەکە دەکات).

تۆ نهێنییەکەی دەزانیت.

تۆ لە نیوەی ڕێگادایت، لە نێو ئێمەدا کرێکارانی دروستکراو و مرۆڤ کە باشترینی دروستکراوەکانە.

تۆ دەزانی چی بکەیت بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە بنی ئەم پلیکانەدا نەمێنیتەوە.

داواتان لێدەکەم ئەم نهێنیەم بۆ ئاشکرا بکەن.

لە یادی ئەوەی لە نێوانماندا ڕوویدا،

بۆ بەزەیی

بۆ خزم و کەسە هەژارەکان

کە منم

بۆ گەشەپێدانی باشتر،

ئایا پێشکەوتن تاکە حوکم و تاکە ئایینی ڕاستەقینە و تاکە مانای دونیا نییە؟

ئایا پلە بەرزکردنەوە و گەیشتن بە ئاستە بەرزەکان و پلە بەرزکردنەوە زیاتر لە جاران، تاکە ئامانج و تاکە هۆکاری ژیان نییە؟

لەم حاڵەتەدا مافی ئەوەت نییە وەڵامەکە ڕەت بکەیتەوە.

پێکەوە دەڕۆین و تۆ دەبیتە مرۆڤ و منیش دەبم بە مەیموون.

پاشان کاتێک مرۆڤێک دەبێتە فریشتە من جێگەی مرۆڤێک دەگرمەوە و ئەمە کۆتایی نایەت، لە قۆناغی داهاتووی گۆڕانکاریدا ڕەنگە جارێکی دیکە یەکتر نەناسینەوە.

دۆستی نزیک

فریشتەی دەرگا

بەرز دەبنەوە بۆ بەرزترین ئاست.

کەواتە یەکەم پیاو

داهاتوو تۆ

وە منیش دوای تۆ.

هێشتا شەوە، بەڵام لە ساتێکدا خۆر هەڵدێت. ئەمە باشترین دەرفەتە، ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ ئاشکراکردنی ئەم نهێنییە. دەبێت لەگەڵ من هاوڕا بیت کە ڕووناکی فانووس بە هەڵە بە ڕووناکی خۆر دەزانرێت.

(ڕێوی فانووسەکە دەبات و دەیکوژێنێتەوە، ئێستا دیمەنەکە بە تەواوی تاریک بووە)

تاریکی لەگەڵ نهێنیدا دەگونجێت و بەیانی هەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەکات. ئێمە تەنیاین، بەڵام لە ساتێکدا لەناکاو، ڕەنگە مرۆڤێک دەربکەوێت، ئامۆزاکەت، هەوادارەکەت، سەرپەرشتیارەکەت. مرۆڤ ئیرەیی بە نهێنی خۆی دەبات. ئەو پێی باشە بە باڵای دروستکراوەکان بمێنێتەوە، هەمان ئەو بەڵێنەی کە لە کاتی دروستبوونیدا پێی دراوە: "... کە فەرمانڕەوایی ماسییەکانی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵان، هەموو زەوی دەکات." و هەموو ئەو ئاژەڵە بچووکانەی کە لەسەر زەوی دەجووڵێن!" مرۆڤ نایەوێت ماسی و باڵندە و ئاژەڵە بچووکەکان و ئاژەڵەکان هیچ شتێک لەبارەی نهێنی مرۆڤبوونی خۆی بزانن. بەڵام تۆ، ئەو نهێنییە دەزانیت. هێشتا کات ماوە بۆ ئەوەی تۆ بۆم ئاشکرا بکەیت. پێش ئەوەی مرۆڤێک بگات و بتوەستێنێت. مرۆڤ ئیرەیی بە مرۆڤ بوون دەبات. مرۆڤ شەریفترینی دروستکراوەکانە، مرۆڤ فۆرمێکی زۆر بەرزە لەم دونیایەدا. ئەوەم پێ بڵێ. من دەمەوێت مرۆڤ بم، من!

**(بۆ سێیەم جار خۆێندنی کەڵەبابێک. ئێستا شانۆکە بە تەواوی ڕووناک بووەتەوە، و هەموو شتێک ئاشکرا دەبێت. لەسەر زەوییەکە گۆڤاری دڕاو و شووشە و دەبەی بەتاڵ هەیە. لە پاشخانەکەدا، کەمێک لە لای چەپەوە لە دیمەنەکەدایە- پێشانگاکە- هەیە دارێکی مردوو.ژەنێکی ئۆرگی دەست بە دارەکە هەڵواسراوە.**

**[تەواو ڕوونە کە بینەران پێشتر لە دیمەنی دووەمدا هەڵگری چەقۆیان نەبینیوە، ئەگەر ڕێکخستنی ڕووناکی نائاسایی و بەس نەبێت، دەتوانین هەڵگری چەقۆ لە ژێرەوە بشارینەوە قوماشێکی ڕەشی تەنک و لە ساتەوەختی چوونە ژوورەوەی با بیهێنینە ژوورەوە.]**

**کڵاوێکی گەورەی کەنار دەریا لەسەر دەموچاویەتی، کە دەیشارێتەوە مل و دەکەوێتە سەر جەستە بەرز و بێ جووڵەییەکەی، ڕووی لە مەیموونەکە کردووە و دەموچاوی بەرەو دارەکە دەگەڕێتەوە، بۆ ساتێک سەیری دارەکە دەکات، لەو ساتەدا ڕووناکی دەگاتە ئەوپەڕی ڕووناکی و بە جێگیری دەمێنێتەوە.)**

**باشە من' دەڕوم.**

**(لە گۆشەیەکی شانۆکە دەردەچێت).**